# یوسف نیم براگەل
# مەمخەنە بیرەوە!

نووسینی: حەمەفەریق حەسەن
hemefarik@yahoo.dk

ماوەیەک لەمەوبەر، ژمارەیەک هونەرمەندانی شار (سلێمانی)، بەچەند پاژێک و لەکەناڵی ئاسمانیی کوردساتەوە، شانۆو ڕۆژگاری زێرینی شانۆیان هێنایەوە سەر خوانی باس وگفتوگۆ. مەبەست پێ ئەو هەموو خۆشەویستی و گورو تینە بوو، کە لەکن هونەرمەندانی ئەو سەردەمە تاریک و نووتەکە، کەدەکاتە ڕۆژگاری ڕەشی ژێر سایەی بەعس لە هەمبەر هونەری شانۆ لە ئارادابوو. ئەوان بەدرێژی قسەیان لەسەر شانۆی ئەو ڕۆژگارە کرد. من تەواو لەگەڵ ئەو ڕایانەدام، کە ئەو بەڕێزانە دەریان دەبڕی. بەڵام بەسەرێکی دی، زۆر (بێ ویژدانانە و بەئەنقەست) ڕۆڵی بەندەیان پشت گوێ خست و تاکە جارێکیش ناویان نەهێنام. سەیر ئەوەیە، زۆربەیان لە(ڕوبار) یان لە درامای تەلەڤزیۆنی (بازنەی تەنیای) یاخود لە فیلمی (نێرگز بووکی کوردستان) یانژی لەو شانۆییانەدا، کە وەرمگێراون و ئامادەم کردوون، نمایشیان کردووە.! پێموایە هۆی ئەم پشتگوێ خستنەش ئەوەبێ: ((من سەر بەیەکێتیی نیشتمانی نیم. ئەوانیش لەوە ترساون ئەگەر ناویان هێنام، ئیدی لەوانەیە حیزب لێیان ڕەنجێ و نان پڕاوبن!!)) دەنا کارەکانی من ئەوەندە دیارن بەکەس ناشاردرێنەوە.
لێرەدا دەمەوێ بەو ئازیزانە بڵێم: ئەوان چەند لەسەر پشتگوێ خستنی من و هونەرمەندانی دیکەی غەیرە یەکێتی سوور بن هێشتا هەر بۆیان ناچێتەسەر. چونکە ئەو چالاکییانە بەچاک و خراپیانەوە بۆ مێژوو تۆمار کراون. نووسەرو هونەرکاریش لەسەر ئەوەی کردوویانە و بەرهەمیان هێناوە، ئافەرین یان سەرکۆنە دەکرێن. مێژووش ئەوەیە، کە ڕوویداوە. مێژووی هونەریش نەک چەند هونەرمەندێکی ماستاوچی حیزب، بەڵکو هیتلەرو سەدامیش نەیانتوانی بیگۆڕن، یاخود پووش بەسەری کەن.. ئەوەی باسەواد بێ ئاگادارە، کە لەو ڕۆژگارە ڕەشەدا، بێجگە لە نووسەری هێژا (فوئاد مەجید میسری) هیچ کام لەنووسەرە هاوچەرخ و هاو تەمەنەکانم هێندەی بەندە کاریان بۆ بەرەوپێش بردن و جۆشدانی شانۆی بەمەسەلەی میللەتەوە گرێدراوو بەرەنگاری نەکردووە. بۆیە ئێوە دەبێ بەویژدانە قسان بکەن و لەمێژوو بپرینگێنەوە، ئازیزان!
دەمەوێ ئەو ڕاستیەش بیر ئەو بەڕێزانە بخەمەوە: تاکو نهۆ هیچ دەقێکی کوردی گومان نابەم هێندەی(ڕوبار)، کە یەکسەر دوای بڵاوبوونەوەی لە ساڵی 1980دا، لەلایەن نووسەری هێژا (محەمەدی مەلاکەریم)وە کرایە عارەبی و لە (ڕۆژی کوردستان) دا بڵاوبۆوە؛ خرابێتە سەر شانۆ.. ئەگەر ئێوە دەقێکی کوردیی وەها پێدەزانن، کامەیە؟!
(ڕوبار) دەقێکی شانۆیی بەرەنگارییە. جگە لەوەی چەندین جار لەلایەن قوتابیانی (ئەکادیمیا) ی بەغداو شانۆکارانی عەرەبەوە، کە ناویان نازانم خراوەتە سەر شانۆ. ئەوەندەی لەیادم مابێ و ئاگادار بم، جگەلەوەی بەدەیان ئەکتەری خۆمان کاریان تێدا کردووە، لەلایەن ئەم هونەرمەندانەشەوە دەرهێنراوە:
1. ئەحمەد سالار (سلێمانی)
2. زایەر عەبدوڵڵا ڕەش (سلێمانی)
3. مەجید ساڵح (کەلار)
4. ئارێز (چەمچەماڵ)
5. عصمان فارس (وەک بەرهەمی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی، بەشداریی لە میهرەجانی شانۆی بەغدا دا کرد)
6. ئیبراهیم دەروێش ( لەگەورە شاری [کوێتە] ی پاکستان. جێی باسە کاتی خۆی مانگنامەی (پەیام)ی لەندەنی، لە یەکێک لەژمارەکانی خۆیدا، ڕاپۆرتێکی دوو لاپەڕەیی بۆ ئەم نمایشەی شاری کوێتە تەرخان کردبوو.)
ئەو شانۆییانەی لەو ڕۆژگارەدا وەرمگێرابوون یان ئامادەم کردبوون، هەر هەموویان دەچوونە خانەی بەرگرییەوە:

1. دوژمنی گەل، نووسینی: هێنریک ئیبسن.. بۆ مێژوو دەینووسم، لەم شانۆییەوە نرخی بلیتی شانۆ لە سلێمانی بوو بە دینارێک، لەکاتێکدا پێش ئەم نمایشە نیو دیناربوو!.. هەرچەند من تاکە فلسێکیشم لەو شانۆییە دەستکەوت نەبوو. تەمەن درێژ بن، بەئەکتەرو دەرهێنەرەوە هەموویان ماون!.. ئەگەر وانییە بادەست بەچاوما بکەن؟! یەکەم جاریش بوو ببینم کەسانی بەتەمەن بەو ژمارە زۆرە بێنە دیتنی شانۆیی. چونکە بەرلە پیشاندانی دوژمنی گەل بەزۆری لاوان دەهاتن.. ئێوارەیەکیان دوو ڕیزی پێشەوەی هۆڵەکە کەسانی بەتەمەن و سەر سپی بوون. زۆرم بەلاوە سەیربوو! بۆیە لەهۆکارەکەیم پرسی. بەڕێوەبەری هۆڵ وتی: ئەوانە بەزۆریی دیموکرات و کۆمەڵەن!. هەندێ لەو ڕێزدارانە نمایشی هەمان دەقیان لە شاری (تاران) بینیبوو. ئەوان پێیان وابوو، ئەم نمایشەی سلێمانی لەوەی تاران هونەریترە! بۆیە دەکرێ پێشاندانی شانۆیی دوژمنی گەل بەوەرچەرخان لەقەڵەم بدەن؛ نەک بیخەنە پشت کەنوو، وەک خستتان!
2. بەلەمی ئەفسووناوی، نووسینی: لاوشە
3. دۆتمیری دزێو، نووسینی: ک. م. فالو
5. مەلی ئاوات، نووسینی: قاسم محەمەد
6. گەشتەکەی حەسەن، نووسینی: محەمەد ئەلغزی
هیچ گومانی تێدانییە، ئەم نمایشانە لەهەموو شانۆییەکانی دیکەی ئەو سەردەمە جەماوەریان زیاتر بوو. هۆیەکەیشی بەپلەی یەکەم بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، جەماوەری خوێندەواری شار، هەر بەچیرۆکەکانی خۆمدا دەیانزانی چ جۆرە دەقێک لەشانۆی جیهانی هەڵدەبژێرم.. ئەوەش لەولاوە بوەستێ، کە هەندێ ئەکتەر لەڕێي نمایشی ئەم دەقانەوە، خۆیان بەجەماوەر ناساند. بەشی زۆری ئەو هونەرمەندانە ئێستاشی لەگەڵدا بێ، وەختێ دەنووسن، یانژی کاتێ لە میدیاکانەوە دەردەکەون و دەپەیڤن هەر ئەو زاراوەو دەرڕین و دەستەواژانە بەکاردەبەن، کە کۆتایی حەفتاکان و لەدرێژایی هەشتاکاندا لەدەقەکانی ڕوبار و بەلەمی ئەفسووناویدا بەکارم بردوون.!!
وەک دەبینن بەتەنیاو بێ پشت و پەنا، لەو ڕۆژگارەدا، لەگەڵ ئەو فشارەشدا، کە لەسەرم بوو، هیندەی دەزگەیەکی ڕۆشنبیری کارم کردووە. کەچی ئەو بەڕێزانە هەر ناویشیان نەهێنام.!
بەداخەوە، ئێمە وەک دان بەڕەنجی یەکتردا نانێین، بەرەو دواش، بۆ ڕۆژگاری دێرینی گەورە شاعیرانی وەک نالی و سالم گەڕاوینەتەوە، کاتێ لە قاتوقڕیی توێژەردا، خۆیان باسی ئاستی شیعرەکانی خۆیانیان بۆ خوێنەر کردووە. ئەمڕۆش توێژەرێ نییە ئەم ڕاستیانە بنووسێ، بەڵام ئەوەتا بێ ویژدان هەن. بۆیە ناچارمام منیش دەق وەک ئەو سەردەمە باسی کردەو کۆششەکانی خۆم بکەم.. لەم ڕووەوە زۆر داوای لێبوردن لەخوێنەرانی ئازیز دەکەم و خەجاڵەتم.. بەو هونەرمەندانەش دەڵێم: یوسف نیم براگەل، مەمخەنە بیرەوە!
کۆبنهاون، 24.02.2006